# ژنی خراپ

گەر خودا نەیدا بەچاکی دوژمنی ئینسانە ژن

مارودو پشك و پڵنگی شاخی هەورامانە ژن

گەر گڵۆپی دووسەدیش هەڵکەیت لە ماڵ و مەتبەقا

دوکەڵی حەوش و حەسارو ژورو بەرهەیوانە ژن

تۆ( دە ) پەیداکەیت لەڕۆژدا ئەو بە( سی )داناکەوێ

هەرخەریکی قاوچ و قۆچ و بردن و تالانە ژن

گەر نەخۆشینت نەبێ سیلداری و دڵ پڕ لەغەم

چۆتە ناو جەرگت بەدائم ئێش و دەردو ژانە ژن

گەر لەگەڵ ئەودا بەهەشتت پێبدەن لێی ڕائەکەیت

تاوەکو مردن ئەزیزم دەردی بێ دەرمانە ژن

گەر شێوەی شۆخ و شەنگ و دورکوژو پڕ عیشوەبێ

تۆ لەبەر چاوودڵت شێوەی وەك و شەیتانە ژن

بۆ خرا پی ئەو قەڵەم دەشکێ و زمانیش کۆڵ دەبێ

قابیزیش ڕازی نەبێ هەر ئێشی گیان کێشانە ژن

هەربژی موفتی کەوا دائم لەڕێی ڕاستی دەڕۆی

هەربڵێ تامردنت دەردوبەلای ئینسانە ژن

## ژنی باش

گەر خودا بیدات بەچاکی دەوڵەتی شاهانە ژن

نیعمەتێکە وەك بەهەشت و هاودەمی پیاوانە ژن

بۆ دڵێکی بیٚ غەم و شەخصێکی بیٚ دەردو ئەلەم

گەوهەرێکی شەوچراغی ژورو بەرهەیوانە ژن

گەر کەموکوڕیت لەماڵیشدا هەبیٚ باکت نەبیٚ

بۆ کەموکوڕی تەرازوی کۆمەڵی خێزانە ژن

ژن لەلای پیاوی نەزان و سەرسەری نرخی نییە

بۆ ژیانی کۆمەڵی باشتر لە میرو خانە ژن

بۆ سوپاسی باسی چاکی چی بەیان کەم هەر کەمە

جووت و ئاش و نان و بەرگ و باخچەو بێستانە ژن

باعیسی ئارامیی قەلب و مەرهەمی دەردو برین

بۆ هەموو دەردیٚ دەوا بەخشێکە وەك لوقمانە ژن

دەوڵەتێکی پڕ لە شەوق و زەوقە دائم بۆ بەشەر

نیعمەتێکی خۆشەویستی و بیٚ سەرو سامانە ژن

کەی گوڵ و گوڵزاری باخاتی ئیرەم وەك ئەو دەبیٚ

باغی ساحێب زینەت و پڕ لوئلوئی مەرجانە ژن

بۆ کەسیٚ نوری سولە یمانی لە قەلبیابیٚ یەقین

پایەمەحکەم کردنی حەق دین و هەم ئیمانە ژن

زۆرتری عەیشی بەهەشت حۆری عەین کچن

لەززەت و خۆشی بەیاناتی لە ناو قورعانە ژن

بێتو گەر موڵکی کەماڵ و گە نجی حوسنی یەك کەویٚ

گەر دووسەد گە نجی لەسەر دانێی دەڵێم هەرزانە ژن